# دەربارەی بەردەکان، مارمێلکەکان و مرۆڤەکان

**سلاڤۆی ژیژەک**

**و. وەلید عومەر**

**وتەیەک:**

ئەمەی خوارەوە، بەشێکە لە کتێبی «*موتڵەقی* ناسک» (The Fragile Absolute)ـی سلاڤۆی ژیژەک. ناونیشانی دووەم و لاوەکیی کتێبەکەش بریتییە لە "یان بۆچی میراتی مەسیحی ئەوە دێنێت شەڕی بۆ بکەین؟". *موتڵەقی* ناسک، واتە ئەو موتڵەقەی کە هێند ناسک و لەرزۆکە، مایەی شکانە. وشەی موتڵەق (The Absolute) لە زمانی کوردیدا وەک چەمکێکی جێگیری لێ هاتووە و پێشینەی هەیە. "ڕەها"، پتر لە باری ئاوەڵناویدا بەکاردێت و قورسایی چەمکایەتیی نیە. کتێبەکە، ڕەخنەگرتنە لەو باوەڕ و پیرۆزییە نوێیانەی کە لەم سەردەمەدا لە خۆرئاوا هاتوونەتەئاراوە و جێی باوەڕە ڕەسەنە کۆنەکەیان گرتووەتەوە؛ ئیدی لە فەندەمێنتاڵیزمی مەسیحییەوە بیگرە تا دەگاتە لاسایی دینە خۆهەڵاتییەکان و فاڵگرتنەوە و سرووتەکانی سەردەمی **نیو ئەیج** (New Age). کتێبەکە، ڕاڤە و هێنانەوەی ئەو ناوکە مەسیحییە سەرەتاییەیە کە جۆرێک ڕزگاریی لەخۆیدا هەڵگرتبوو و بانگەشەی گەردوونیبوونیشی دەکرد- بێجگە لەوەی دەرکراوان و گەڕوگولەکانی دەگرتەخۆی. کتێبەکە، وەک ستایلی هەمیشەیی ژیژەک، تۆڕێکە لە بابەت و نمونە و لادان؛ ستایلێکی نائارام و وروژێنەر، بەڵام هاوکات بەهۆی دەزوویەکی زەینییەوە تۆکمە و پێکەوەبەستراو. مادام، جیهان خۆی **گشت**ێکە، دیاردە و پرسەکانی ناویشی، لە پەیوەندیی جۆراوجۆردان. کارەکە ستایشی مەسیحییەت نیە، بەڵکو داهێنانەوەی ئەو ناوکە ڕزگاریخوازەی مەسیحییەتە کە لەگەڵ مارکسیزمدا یەکتر دەبڕن، بەتایبەت لە دوو ناوی وەک قەشە پۆڵس و لینیندا. ژیژەک لەپاڵ ئاگامبێن و بادیۆدا، گرنگییان بە پۆڵس داوە و تا ئەو جێیە دەڕۆن کە بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی مەسیحییەتی دادەنێن. دیارە ئەم ڕاڤە و داهێنانەوەیە، بۆ سیاقی سەرمایەداریی خۆرئاوا بایەخی خۆی هەیە، بەڵام لای ئێمە شتەکان تەمومژاویترن- مەسیحییەتیش دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی ئەم مێژووە نیە. ئەوەی لەم نوسینەدا گرنگە، دیوە تیۆرییەکەیەتی. ئەو دیوە گشتییەی کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ شتی تریش بیری لێ بکاتەوە.

ناونیشانی نوسینەکە، بۆ وێستگەیەکی ناو نوسینەکە دەگەڕێتەوە کە هایدگەر باسی پەیوەندیی ئەو سێ جۆر بوونەوەرە دەکات بە چەمکی "جیهان"ـەوە. ناونیشانێک کە بەگشتی دەرچوونە لەو ناونیشانە وشک و ئەکادیمییانەی کە باڵادەستن. بیرخستنەوەی پێشوەختەی یەک دوو خاڵێک، زەروورە:

یەکەم، ئەم بەشە، درێژکراوەی دینامیکیی بەشی پێشووە بەناوی «بۆچی حەقیقەت، شتێکی دەعبائاسایە؟». حەقیقەت، پێدراوێکی سادە نیە لە ژیان و بوونی مرۆڤدا، بەڵکو پێکهاتەیەکی ترسناک و بەزەبری هەیە. سوبێکت ناتوانێت هەروا بەئاسانی تێیدا بژی، یان چنگی لێ گیربکات ومامەڵەی پێوە بکات- حەقیقەت تراومایيە، یان دەعبائاسایە. دەعبائاسا (monstrous)، میتافۆرێکە بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێکەوە وەک: دڕی، بێفۆرمی (پشێوی)، تێرنەبوون و ئۆقرەنەگرتن و هتد. دونیای سرووشت و دونیا مرۆییەکە، لە پەیوەندیدان، مادام مرۆڤ لە یەکەمیانەوە هاتووە بۆ دووەمیان ئەوا کۆمەڵێک دڕی و کرچی دێنێتە ناو دونیا پێکەوەنراوەکەی خۆیەوە. حەقیقەت، لە کۆتا مانای فەلسەفی-دەروونشیکارانەی خۆیدا، بەرهەمی ئەم پێکداچوونەیە. بە مانایەکی تر، حەقیقەت خاڵێکی چڕ و چەپێنراوە ژیانی مرۆییمانی لێوە دەستپێکردووە (بۆ ئەوەی هەر شتێک لە ژیانی مرۆڤدا دەستپێبکات، دەبێت شتانێکی تر وەک خاڵی دەسپێک بخرێنەلاوە و بچەپێنرێن). هەرکات بە حەقیقەت بگەین، بەم چەپێنراوە بەزەبرە دەگەین. یەکێک لە دەرکەوتە سەرەتاییەکانی حەقیقەت لێرەدا، پاڵنەری مەرگە. پاڵنەری مەرگ، سیفەتی دەعبایەکی دڕی تێرنەبووی هەیە- شتێکە کورتنابێتەوە بۆ وێرانکاری، بەناو وێرانکارییەکاندا تێدەپەڕێت و هەر بەردەوام دەبێت (پاڵنەر دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکی کاتی کە مەبەستگای پاڵنەرە و بە تێربوونێکی کاتی و لاوەکی دەگات، ئامانجی پاڵنەریش کە بە هیچ شتێک تێرنابێت و هەر دەسوڕێتەوە). گەر مرۆڤ هەڵوەستەیەکی زەینی بکات، تێدەگات پانتایی ڕەمزیی مرۆڤ (دونیا کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتدەکەی...)، جگە لە شیرازەیەکی ناسک کە

وەک ڕۆتینی لێ هاتووە هیچی تر نیە؛ ڕەمزاندن و دەستەمۆکردنی کۆمەڵێک کرچی و پشێوییە بەپێی کۆمەڵێک میکانیزم و هیچی تر. حەقیقەت (یان پاڵنەری مەرگ)، بەئاسانی دەتوانێت ئەم ناسکی و پشێوییە دەربخاتەوە. لە نوسینەکەدا، دەربڕینێکی وەک "پشێوی" لای هایدگەر، لە پاڵنەری مەرگ نزیککراوەتەوە، بۆیە جیهان بۆ مرۆڤ لەکۆدا ماڵێکی ئارام نیە. بە چەندین دەربڕینی تریش دەتوانین بڵێین، ئێمە لە غەریزە (instinct)وە پەڕیوینەتەوە بۆ پاڵنەر (Drive)، کە یەکەمیان سرووشتییە و دووەمیان سروشتی/شارستانی. گەر یەکەمیان تایبەت بێت بە گیانلەبەران، دوومیان تایبەتە بە مرۆڤ، بەڵام هێشتاش تەواو ڕامنەکراوە- لەبەر ئەمەشە پاڵنەرەکان لە مرۆڤدا تێرنابن، لە پەیوەندییەکەشیاندا بە حەقیقەتەوە و ڕوویەکی دەعبائاسا دەدەن بە حەقیقەت. بەم پێیە، حەقیقەت تەواو "حەقیقی" نیە بە مانای باو، بەڵکو لەسەر پشێوی، هەڵە، چەپاندنێکی دەعبائاسای سەرەتایی ڕۆنراوە. میتافیزیکی کلاسیک، هەژمارێکی ئەوتۆی لەسەر ئەم کرۆکە دەعبائاسایەی حەقیقەت نەکردووە (کاتێک کە پێناسەی حەقیقەتی کردووە و لە سرووشتەکەی کۆڵیوەتەوە).

دووەم، باقیی نوسینەکە، بۆ دەرکەوتەکانی تری ئەو پشێوییە، و ئەو ناوکە دەعبائاسایە دەگەڕێت کە حەقیقەتی ڕاگرتووە. ئیدی لە فەنتازیاوە بۆ کاڵا و مرۆڤ خۆیشی کە پێگەکەیان ئارام و ڕێک نیە. ئێمە وەک مرۆڤ، بەپێی دەروونشیکاریی ڕادیکاڵی لاکانی، «سوبێکتێکی لەسەنتەرداماڵراو»ین، واتە لەبنەڕەتدا تاکەکەسی پڕ و یەکانگیر و خاوەن سەنتەر نین، ئەوەی لەڕواڵەتدا وەک ڕێکی دەردەکەوێت، فەنتازیایەکە و لە کرۆکدا پشێوییە. نوسینەکە، لەمە زیاتر دەڕوات: مرۆڤ بەو پشێوییەشەوە بەتەواوی دەستی بە کرۆکی خۆیدا ناگات، چونکە پێشوەخت کرۆک و سەنتەرەکەی کەوتووەتە دەرەوە. هەرکەس کەمێک لە شوێنگەی مرۆیی خۆی ڕامێنێت، لەم ڕاستییە بنچینەییە تێدەگات کە چۆن دونیای دەرەوە لەناو ئەودا نیشتەجێن (بۆ نمونە گەر لە پرسی ئارەزوودا وەریبگرین، ئارەزووی هەرکەس ئارەزووی ئەویترە، سەر بە زنجیرەیەک

ئارەزووی تریشە کە کۆتا تێربوونی نیە مەرگ نەبێت). ئەو چەمکانەی لە دەروونشیکاری‌دا بۆ ئەم دۆخە داتاشراون ناوگەلی وەک "سوبێکتی لەسەنتەرداماڵراو، سوبێکتی لەتبوو، سوبێکتی نەست یان سەر بە نەست و هتد"ن. ناوەوەی ڕووت بوونی نیە، تەنانەت "کۆ"ـی ناوەوە بۆ مرۆڤ خۆیشی بەردەست نیە و لەلایەن چەندین هێزی دەرەکییەوە، ناوکۆڵ کراوە. نمونەیەکی سادە، خەونی شەوانەیە کە بێشومار هێزی دەرەکی دەڕژێنە ناو ئێمەوە و سەنتراڵێتییە ڕێژەییەکەشمان تەواو کەمدەبێتەوە.

سێیەم، هەموو ئەم باسانە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە کاری ژیژەکدا باسی سیاسیین: ژیژەک، جیهانی مرۆیی لەکۆدا بەسیاسیدەکاتەوە. سیاسیکردنەوە، بەو مانایەی کە نەزمە کۆمەیەتی و سیاسییەکانمان لەسەر پشێوی و چەپاندنێکی سەرەتایی ڕۆنراون و هەمیشە قابیلی دەستکاریین. هیچ سیستەمێکی داخراو و هەتاهەتایی بوونی نیە. مادام جیهان خۆی هەڵگری "بنکێکی هەڵهاتوو" یان پاشەکشەکردووە، ئیدی مرۆڤ زۆر ئەگەری لەبەردەمدایە بۆ ڕێکخستن و ڕەمزاندنی ئەم بنکە. ئەوە مرۆڤ خۆیەتی گریمانەی ئەوە دەکات "هەتاهەتایی" بێت. کاتێک بەپێی هایدگەر، مرۆڤ دەتوانێت شێوە بە جیهان ببەخشێت و پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆژیی لەگەڵدا ببەستێت، ئەوا *دەتوانێت* دەستی لە داڕشتنی جیهانە مرۆییە-سیاسییەکەی خۆیشیدا هەبێت. دیارە سیاسەت، ئەم دیپلۆماسییەتە پڕفێڵە نیە لەپێناو دەسکەوتی ئابوری‌دا، بەڵکو هێشتنەوەی ئەگەری گۆڕانکارییە لە دونیای مرۆڤدا. مادام سرووشت و جیهانە مرۆییەکەش لە پشێوی‌دا هاوبەشن، مادام زمان و عەقڵ (لۆگۆس) ڕێچارێکن بۆ هەڵکردن لەگەڵ ئەو پشێوییەدا، سیاسەتیش ڕێچارێکی پراکتیکیی هەمیشە ئاوەڵایە بۆ هەڵکردنەکە. بەپێی نوسینەکەش، لە بوونی مرۆڤ و مێژووەکەشیدا، غایەت و غایەتناسی (تیلۆلۆژیا) لەئارادا نیە، ئەوەی کە چارەنووسی مرۆیی بەرەو یەک خاڵی ئامانجدار و ڕێک بجووڵێت؛ غایەت، پرسێکی سیاسییە. بۆیە ئەو بەشەی نوسینەکەش، کە پەیوەندیی بە پرسی ڕابردو و داهاتوو و دەمی ئێستاوە هەیە، پێچەوانەی غایەتگەرا سادەکەیە کە مێژوو لە پنتێکەوە

بۆ پنتێکی غایەتدار دەجووڵێت و هیچی لێ جێنامێنێت، پێچەوانەی دید مێژووییە پەرەسەندنگەراکە کە گوایە مێژوو لە سادەوە بۆ ئاڵۆز پەرەدەسێنێت: بەپێچەوانەوە هەمیشە شتانێک لە ڕابردوودا جێدەمێنن کە شایستەی ئەوەن بەشێوەی پاشەوپاش ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و ڕزگاربکرێن. ئەم گەڕانەوەیەش، سەر بە "بنکی هەڵهاتوو"ـی کۆی ژیانی مرۆڤە کە لەسەرەتاوە لێی بەجێماوە و هەمیشە وەک ئۆبێکتێکی ون بەدوایدا دەگەڕێت و چارەنووسی هەموو چەمکە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ دەستنیشاندەکات.

## دەق:

ئاخۆ دەشێت دەروونشیکاری ئەو توانایەمان پێ ببەخشێت هێڵە گشتییەکانی ئەم **شێتییە ئۆنتۆلۆژی**[1]**یە** وەک **ناوکە تراوماییەکەی حەقیقەت** بکێشین؟ [مەبەستم] ئەو ناوکە ناودەرەکی[2]یە تەواو دەعبائاسایەی حەقیقەتە کە لە حەقیقەت جیایە و لەویش کۆنترە، ئەوەی کە باگراوەند/بنکی داپۆشراو/هەڵهاتوو[3]ـی ناچارییانەی حەقیقەتە. باسەکەی من ئەوەیە *پاڵنەری مەرگی*[4] فرۆیدی، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو جۆرە "غەریزە[5]"یەوە نیە وا بەرەو (خۆ-)وێرانکردن[6]پاڵماندەنێت، ڕێک ناوێکی فرۆیدییە بۆ ئەم «وەرچەرخانەی بوونی مرۆڤ، ئەویش بە واتای ***پشێویی***[7] بارودۆخەکەی لەناو بوونەوەراندا»، ناوێک بۆ ئەم **«لە-نێوان**[8]**»**ـە تەمومژاوییە/دەعبائاسایەی کە چیدی ***رپاڵ***ی سرووشتە پێشمرۆییەکە نیە، ***رپاڵ***ی داخراویی بێجیهان[9]ـی بوونەوەرە سرووشتییەکان نیە؛ هاوکات ئاسۆی **ڕۆشنەجێ**[10] نیە و شتێکیش نیە لە ناوەوەیەوە بێت، شتێک نیە لە ئاخاوتندا دەربڕابێت لە چەشنی «ماڵی بوون[11]» وەک ئەوەی هایدگەر خۆی لە *نامەیەک دەربارەی هیومانیزم*دا ئاماژەی بۆ دەکات، **بەڵکو** بنکی هەڵهاتوو و "پشێو"/تێکئالاوی ئاسۆی **ڕۆشنەجێ**کە خۆیەتی[12].

---

[1] Ontological madness

[2] Ex-timate کە لە یەک کاتدا لە ناوەوە و دەرەوەشە؛

[3] concealed/withdrawn background/foundation

[4] Death drive

[5] Instinct

[6] (self-)destruction

[7] Derangement

[8]. in-between، لە-نێوان: ئەم دەربڕینە، بارێکی چەمکایەتیی هەیە و ئاماژەیە بۆ دۆخی مرۆڤ لەناو بوون و بوونەوەرانی تردا کە دۆخێکی تەواو تایبەتە و پاڵنەری مەرگی فرۆیدی گوزارشت لەو دۆخەی مرۆڤ دەکات- و

[9] Worldless

[10]. ڕۆشنەجێ یان ڕۆشنگە (Lichtung؛**Clearing**) چەمکێکی هایدگەرە و بە واتای ئەو جێگا ڕووناکە دێت کە *دازاین* لەوێوە بەسەر بووندا دەکرێتەوە و ڕووناکییەکی ئۆنتۆلۆژیی لێوە وەردەگرێت. وشەکە لەبنەڕەتدا بۆ ئەو جێگایەی دارستانە کە درەختی تیا نیە و لەوێوە ڕووناکی دەداتە ناوەوە- و

[11] House of being

[12]. بۆ وردەکاریی زیاتر خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر بەشی پێنجەمی کتێبی سوبێکتی ختوکاوی (The Ticklish Subject). (ژیژەک).

مرۆ ڕاڕا دەبێت هەنگاوێکی زیاتر بە ئاراستەی ئەم هێڵانەدا هەڵبگرێت، و وشەی «پشێوی» پڕ بە بەری ماناکەی وەربگرێت: لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، شێوە بنچینەییەکەی «پشێوی»ـی مرۆیی چ شتێکە؟ ئاخۆ ئەو شتە نیە کە پێیدەوترێت «فەنتازیای بنەڕەتی[13]»، واتە ئەو *هەڵە ڕیشەیی*یە، و ئەو "درۆ سەرەتایی"یەی کە لە حەقیقەت خۆی کۆنترە؛ ئەو سیناریۆ پاتۆلۆژییە تەواو تاکەکەسییەی کە «بوون-لە-جیهاندا»ـەکەمان دەپارێزێت، نیشتەجێبوونمان لە دونیا ڕەمزییەکەدا ڕادەگرێت، ئەو سیناریۆیەی کە بۆ ئەوەی کارا بێت *پێویستە* "هەر لەسەرەتاوە بچەپێنرێت"؛ واتە (گەر بە زمانی هایدگەر بیڵێین) *lethe* (داپۆشران/هەڵهاتن) لە هەناوی *aletheia*دا، لە هەناوی حەقیقەتدا وەک هەڵماڵین [و ئاشکرابوون]. [واتە، شاراوەیی و داپۆشرانێک هەیە ناهێڵێت حەقیقەت خۆی هەڵماڵێت، تەنانەت حەقیقەت بریتییە لە خودی هەڵماڵین و ئاشکرابوون و ئاوەڵابوون بەسەر بووندا].

پارادۆکس (و تەنانەت ئابڕووچوون)ـی ئۆنتۆلۆژیی چەمکی *فەنتازیا* کەوتووەتە ئەو ڕاستییەوە کە دژیەکییە باوەکەی نێوان "سوبێکتیڤ" و "ئۆبێکتیڤ"[14] هەڵدەوەشێنێتەوە: هەڵبەت فەنتازیا بەپێی پێناسەکە شتێکی "ئۆبێکتیڤ" [و دەرەکی] نیە (بەو مانا ساویلکانەیەی کە "بەجیا لە درکی سوبێکت بوونی هەبێت")، هەروا بێتەوە شتێکی "سوبێکتیڤ" [و ناوەکی]یش نیە (بەو مانایەی کە کورتبکرێتەوە بۆ شهوودە ئاگامەندە ئەزموونکراوەکانی سوبێکت). فەنتازیا پتر سەر بە «کاتیگۆرییەکی سەیروسەمەرەی وەک "بەشێوەی ئۆبێکتیڤانە سوبێکتیڤ"ـە[15]، کە شتەکان بەکردەیی ئۆبێکتیڤانە و دەرەکی بۆ تۆ دەردەکەون، هەتا گەر بێتو بەو جۆرەش بۆ تۆ دەرنەکەون[16]».

---

[13] Fundamental phantasy

[14] Subjective and objective

[15] Objectively subjective

[16] Daniel c. dennet, consciousness Explained, New York: Little, Brown, 1991, p, 132.

بۆ نمونە، کاتێک دەڵێین کەسێک بە شێوەی ئاگایانە مەیلی تەواوی بۆ جوولەکەکان هەیە، بەڵام کۆمەڵێک پێشداوەریی زۆریشی لای خۆی هەڵگرتووە کە پێی‌نەزانیون، ئاخۆ مەبەستمان نیە بڵێین (تا ئەو جێیەی ئەم پێشداوەرییانە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نیە جوولەکەکان خۆیان لەڕاستییدا چۆنن، تەنیا پەیوەندیی بەوەوە هەیە چۆن بۆ ئەو کەسە دەردەکەون)، ***ئەو کەسە ئاگای لەوە نیە جوولەکەکان بەڕاستی چۆن بۆ ئەو دەردەکەون؟*** [واتە: گەرچی ئاگایانە مەیل و خولیای بۆ جوولەکە هەیە، بەڵام نائاگایانە کێشەی لەگەڵیان هەیە و بەپێی باسەکەش پێچێکی شاراوەی تیۆری لەئارادایە کە **پێشداوەرییەک لە خودی ئەودایە ناهێڵێت بزانێت جوولەکەکان بەکۆ و ڕێکاوڕێک چۆن بۆی دەردەکەون. هەمیشە شتێک لە ئێمەدایە ناهێڵێت بەتەواوی بزانین ئەویتر چۆن بۆمان دەردەکەوێت. واتە گەر بشزانین خۆیان چۆنن، یەکسان نیە بەوەی چۆن بۆ ئێمە دەردەکەون]**[17]. مارکس خۆیشی سەبارەت بە فیتیشیزمی کاڵا، زاراوەی «*ڕواڵەت*ی بەشێوەی ئۆبێکتیڤانە *زەرووری*[18]» بەکاردەهێنێت. بۆیە کاتێک مارکسییەکی ڕەخنەگر ڕووبەڕووی سوبێکتێکی بۆرژوای نقومبووی ناو فیتیشیزمی کاڵا دەبێتەوە، ئەوا کاردانەوەکەی شتێکی لەم جۆرە نیە: «ڕەنگە کاڵا لە دیدی تۆوە وەک ئۆبێکتێکی جادوویی دەربکەوێت کە هەڵگری کۆمەڵێک دەسەڵاتی تایبەتە، بەڵام ڕاستت بوێت تەنیا دەرکەوتەیەکی بەشت‌بووی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکە»؛ بەڵکو کاردانەوەی فیعلیی مارکسییەکە بەم جۆرەیە: «ڕەنگە پێتوابێت کاڵا بۆ تۆ وەک بەرجەستەبوونێکی سادەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت (بۆ نمونە پارە تەنیا جۆرە بەڵگەنامەیەکە بۆ ئەوەی بتکاتە بەشێک لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی)، بەڵام ئەوەی کە ***شتەکان لەڕاستییدا چۆن بۆ تۆ دەردەکەون بەو جۆرە نیە،*** تۆ لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی خۆتدا بەهۆی بەشداریکردنتەوە لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی‌دا، شایەتی لەسەر ئەو ڕاستییە سەمەرەیە

(هەڵبەت "دێنیت" بەشێوەیەکی تەواو نێگەتیڤ ئەم چەمکە ەردەگرێت، وەک جۆرێک لە کۆنترادیکتۆ ئین ئەجیکتۆ-ی بێمانا)- ژیژەک
[17]. کەوانەی ڕوونکەرەوەی وەرگێڕ- و

[18] Objectively necessary appearance

دەدەیت کە کاڵا هەر بەڕاستی وەک ئۆبێکتێکی جادوویی بۆ تۆ دەردەکەوێت کە هەڵگری کۆمەڵێک دەسەڵاتی تایبەتە»...

هەروەها ئەمە دەرهەق بە **جەختکردنەوەکەی** لاکانیش ڕاستدەردەچێت سەبارەت بە «لەسەنتەرداماڵین[19]»ـە بنیاتنەرەکەی سوبێکت: خاڵی ناو ئەم جەختکردنەوەیە ئەوە نیە کە ئەزموونە سوبێکتیڤەکەی من لەلایەن ئەو میکانیزمە نەستەکییە ئۆبێکتیڤ [و دەرەکییانەوە] ڕێکدەخرێت کە بەنیسبەت **خۆ-ئەزموونکردنمەوە** شتێکی «لەسەنتەرداماڵراو»ـە و بە مانای تەواوی وشەکەش لە ڕکێفی من دەردەچن (ئەو خاڵەی کە هەر کەسێکی ماتریاڵیستیش پشتڕاستیدەکاتەوە)، بەڵکو مەسەلەکە شتێکی نیگەرانکەرترە: من تەنانەت لە ناوەکییترین ئەزموونی "سوبێکتیڤ"ـی خۆم بێبەشم، لەو دۆخەی کە شتەکان «لەڕاستییدا بەو جۆرە بۆم دەردەکەون»، ناوەکییترین ئەزموونی ئەو فەنتازیا بنەڕەتییەی کە ناوکی بوونم پێکدێنێت و مسۆگەریشی دەکات، چونکە ناتوانم بەشێوەیەکی ئاگایانە ئەزموونیبکەم و بیگرمەخۆم. بەپێی ڕوانگە باوەکەی دواتر، ئەو ڕەهەندەی وا سوبێکتیڤیتە پێکدەهێنێت بریتییە لە ڕەهەندی خۆ(-ئەزموونکردن)ـی فینۆمیناڵ[20] [واتە ئەو ڕوانگەی باوەی پێیوایە سوبێکتیڤیتە و کارەکتەری مرۆڤ سەرەنجام بەپێی ئەو ئەزموونە خودییە دەستنیشاندەکرێت کە خۆی بۆ ئەو دەردەخات؛ ئەوەی کە پێیوایە]: من ئەو ساتەوەختە سوبێکتم کە بتوانم بە خۆم بڵێم: «گرنگ نیە چ میکانیزمێکی نەناسراو کردارەکانم، درکەکانم و بیرەکانم ئاراستەدەکات. کەس ناتوانێت ئەو شتەم لێ بسێنێتەوە کە دەیبینم و هەستی پێ دەکەم». وای دانێ، ساتێک دێتەپێش بەجۆشوخرۆشەوە عاشق دەبم و [زانایەکی] بایۆکیمیایی پێم ڕادەگەیەنێت هەموو هەستە بەتینەکانت دەرەنجامی کۆمەڵێک پرۆسەی بایۆکیمیاییە لە لەشتدا، منیش دەتوانم دەست بە *ڕواڵەت*ەوە بگرم و ئاواهی وەڵامی

---

[19] Decentrement

[20]. بەئەنقەست زاراوەی فینۆميناڵ دانراوەتەوە (کە لە فینۆمینەوە درووستکراوە)، چونکە بەرامبەر زاراوەیەکی وەک نۆميناڵە کە لەو زاراوانەیە نابێت و ناشکرێت لەم سیاقەدا وەرگێڕدرێت- و

بدەمەوە: «گشت ئەو شتانەی تۆ دەیڵێی ڕەنگە ڕاست بن، بەڵام هیچ شتێک ناتوانێت تینی ئەو جۆشوخرۆشەم لێ بسێنێتەوە کە خەریکم ئەزمونیدەکەم».

بەڵام قسەی لاکان ئەوەیە کە دەروونشیکار کەسێکە ڕێک ***دەتوانێت*** ئەم جۆشوخرۆشە لە سوبێکت بسێنێتەوە. واتە، ئامانجی ئەوپەڕینەی دەروونشیکار بریتییە لە بێبەشکردنی سوبێکت لەو فەنتازیا بنەڕەتییەی کە دونیای خۆ(-ئەزموونکردن)ـی سوبێکت ڕێکدەخات. «سوبێکتی سەر بە نەست»ـی فرۆیدی، تەنیا ئەودەم دەردەکەوێت کە دیوێکی هەرەسەرەکیی خۆ(-ئەزموونکردن)ـی *فینۆمیناڵ*ی سوبێکت، (واتە "فەنتازیا بنەڕەتییەکەی")، بۆ ئەو دەبێتە شتێکی *دەستپیانەگەیشتوو*؛ شتێک کە "هەر لەسەرەتاوە چەپێنراو"ـە. نەست، لە ڕیشەییترین حاڵەتی خۆیدا، **فینۆمینە (دیاردە)یەکی دوورەدەست و دەستپیانەگەیشتووە،** نەک ئەوەی میکانیزمێکی [دەرەکی] و ئۆبێکتیڤ بێت ئەزموونە فینۆمیناڵەکەم ڕێکبخات. [دەروونشیکار، فەنتازیای نەخۆش هەڵدەوەشێنێتەوە و لەو یەکانگیرییە بێبەشی دەکات، فەنتازیا بنەڕەتییەکە بنکی چەپێنراوە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤیشە کە لە شیکردنەوەی دەروونی‌دا بەزۆری و بۆ ماوەیەکی کورت هەڵدەوەشێتەوە]. بۆیە (بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەی عەقڵی باوەوە کە گوایە ئێمە ئەو ساتە سەروکارمان لەگەڵ سوبێکتدایە کە کۆمەڵێک ئاماژە دەردەبڕێت و گوزارشت لە "ژیانێکی ناوەکی" دەکات، کۆمەڵێک ئاماژەی خۆئەزموونکردنێکی فەنتازی کە کورتناکرێتەوە بۆ هەڵسوکەوتێکی دەرەکی) دەبێت بڵێین ئەوەی تایبەتمەندی بە سوبێکتیڤیتەی مرۆیی دەبەخشێت، کەلێنێکە ئەم دووانە لێکجیادەکاتەوە: ئەو ڕاستییەی کە فەنتازیا لە بنچینەییترین حاڵەتی خۆیدا، دەستی سوبێکتی پێ ناگات؛ هەر ئەم دەستپیانەگەیشتنەشە کە سوبێکت لە سەنتەرداریێتی "بەتاڵ[21]" دەکاتەوە. جا سەرەنجام پەیوەندییەکمان دەستدەکەوێت تێکڕا ئەو تێگەیشتنە باوە بۆ

[21] Empty

. وشەی "سەنتەرداریێتی"، زیادکراوی وەرگێڕە بۆ ڕوونبوونەوەی کۆی ڕستەکە- و

سوبێکت هەڵدەوەشێنێتەوە کە ڕاستەوخۆ خۆی، و "حاڵەتە ناوەکییەکان"ـی خۆی ئەزموندەکات: پەیوەندییەکی "مەحاڵ" لەنێوان سوبێکتی بەتاڵ و "نا-فینۆمیناڵ"، لەگەڵ *ئەو فینۆمینانەی کە بۆ سوبێکت خۆیشی وەک شتێکی دەستپیانەگەیشتوو دەمێننەوە*[22].

بۆیە *lethe*[23] (یان داپۆشران)ـی ئەوپەڕینە، بریتی نیە لە خەرەندی سەرگێژکەری بوونەوەران لەپشت ***ڕۆشنەجێ***ـوە کە ئەوانی تیا دەردەکەوێت، بەڵکو بریتییە لە *فینۆمینە* لە ڕیشەییترین حاڵەتی خۆیدا، واتە ئەو نەخشەهێڵە گشتییەی کە چۆنیەتیی دەرکەوتنی شتەکان بۆ ئێمە دەستنیشاندەکات. ئەم سیناریۆیە، "نەزمی شیاوی شتەکان" بە مانای پڕاوپڕی وشەکە "دەشێوێنێت"، لە سکەی ئاسایی خۆیان دەیانترازێنێت: لەڕێگەی سەپاندنی توندوتیژانەی جۆرێک ڕوانگەی سنوردار و بەشەکییەوە، ڕوانینمان بۆ جیهان لەکەداردەکات. ئەوپەڕی ئابڕووچوون [ـی باسەکەش] هەر کەوتووەتە ئێرەوە: کاتێک سەروکارمان لەگەڵ سەمپتۆمی تاکەکەسێکدایە لە بەهێزترین حاڵەتی خۆیدا، ئەوا کۆی یەکانگیریی خۆ-ئەزموونکردنی کەسێک، بەشێوەیەکی نەناسێنراو [و دانپیانەنراو]، لەڕێگەی ئەم «پێچخواردنە سەمپتۆمی[24]»ـەوە خۆی ڕادەگرێت، لەڕێگەی پلخواردنێکی پاتۆلۆژیی تایبەتەوە، بەجۆرێک کە کاتێک گرێکە[25]دەکەینەوە (بۆ نمونە کاتێک شتێکی کەسەکی و بەڕواڵەت بێبایەخ دەشڵەژێنین کە نەدەبوو دەستی لێ بدەین، یان کاتێک قسەیەکی ترۆهات دەکەین کە نەدەبوو بیکەین) ئەوا دونیای کەسەکە ڕێکوڕاست دادەڕووخێت.

ئێستاش با لە کەوڵی کۆمەڵێک ڕامانی دەروونگەردوونیی «ساویلکانە»ـی شیلینگی‌دا وێنای جۆرێک زیادەڕۆیی ئۆنتۆلۆژی بکەین دەرهەق بەم ماترێسە، کە تێیدا جۆرە هەڵخولانێکی تاقانەی

---

[22]. بۆ شرۆڤەیەکی تێروەسەلتری تێگەی "فەنتازیای بنەڕەتی"، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبی تاعونی فەنتازیاکان، بەشی یەک و چوار، چاپکراوی ڤێرسۆ، ٢٠٠٨.

[23]. وشە ئەڵمانییەکەی هایدگەر لەلایەن نوسەر خۆیەوە دانراوەتەوە- و

[24] symptomal torsion

[25] Knot

"پاتۆلۆژی"، سەرەڕای ئەوەی «بە مانای دەقاودەقی وشەکە» ***دەستپیانەگەیشتووە*** بۆمان، کەچی کۆی ڕوانینمان لەمەڕ بوون دادەڕێژێت، ئەوەی کە بوونەوەران چۆن خۆیانمان بۆ ئاشکرادەکەن. ئاخۆ ***ئەمە*** ئەوپەڕی ***دەعبایەتیی***[26]حەقیقەت نیە؟ ئەوەی کە حەقیقەت لەسەر سیناریۆیەکی تایبەتیی قێزەونی پێشئۆنتۆلۆژی بەندە و گەر ئەم سیناریۆیە کاری خۆی نەکات ئەوا حەقیقەت خۆیشی هەڵدەوەشێتەوە. سەرەنجام، پارادۆکسەکە ئەوەیە فەنتازیا نەک هەر "هاوسەنگیی شیاوی شتەکان" ناشێوێنێت/لەکەدارناکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا ***بنک***ی هەر تێگە و تێڕوانینێک دەرهەق بە دونیایەکی هاوسەنگ دادەڕێژێت: فەنتازیا، [تەنیا] زیادەیەکی سەیر و تایبەت نیە نەزمی گەردوونی تێکدەدات، بەڵکو زیادە و [پاشماوەیەک]ـی تاقانەی توندوتیژە کە هەر جۆرە تێگەیشتنێک بۆ نەزمێکی لەم جۆرە *دەهێڵێتەوە*. ڕەنگە بەم شێوەیە لەو تێڕوانینەی هایدگەر تێبگەین کە پێیوایە میتافیزیک[ـی باوی ناو مێژووی فەلسەفە] ناتوانێت بەتەواوی ئەم کارلێکەی نێوان حەقیقەت و ناوکە داپۆشراوە دەعبائاساکەی هەناوی وی پشتڕاستبکاتەوە: «وەهم»ـی میتافیزیک ئەوەیە کە ئەم تەنە نامۆ دەعبائاسایە سەرەنجام شتێکی ڕێکەوتە، گوایە حەقیقەت خۆی ناخاتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵکو تەنیا دەستڕاگەیشتنی ئێمە بەو دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە؛ واتە میتافیزیک ئامادە نیە ئەوە قبوڵبکات کە شێواوی[ـیەکەی ناو ئێمە] دەرهەق بە حەقیقەت لەسەر بنەمای ئەو شێواوییە ناوەکییە دێتەدارشتن کە خودی حەقیقەت پێکدەهێنێت.

چۆنچۆنی ئەم **کەلێنەی دەعبایەتی**[27]، کە بنکی خودی حەقیقەت دادەڕێژێت، پەیوەستدەبێت بە ناوەکییترین مەرجی مرۆڤ [مرۆڤبوون]ـەوە؟ هایدگەر لە بەشی دووەمی *چەمکە بنەڕەتییەکانی میتافیزیک*دا، لە میانی وانەوتارەکانیدا لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ ١٩٣٠، دەرگیری باسێکی تێروتەسەل دەبێت دەربارەی پێگەی ئۆنتۆلۆژیای جیاجیای هەریەکە لە ئۆبێکتە نەگۆڕەکان (بەردەکان)،

---

[26] Monstrosity

[27] Gap of monstrosity

گیانلەبەران (مارمێلکەکان، مێشەنگەکان)، و مرۆڤەکان. پێناسە بەناوبانگەکەی ئەو ئەوەیە کە بەرد بێجیهانە [= جیهانی نیە][28]، گیانلەبەر لە ڕووی [هەبوونی] جیهانەوە هەژارە، و مرۆڤیش جیهانساز[29]ـە، واتە بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە لە پەیوەندیدایە بە جیهانەوە. گەر تایبەتمەندییەکانی ئەم جیاکارییانە بخەینەلاوە (بەشێوەیەکی گشتییتریش سرووشتی نائاسایی ئەم لاپەڕانە لە پەیوەندیدا بە کاری هایدگەر خۆیەوە- [چونکە سەیر ئەوەیە کە بەپێچەوانەی فەلسەفەکەی خۆیەوە] هایدگەر لێرەدا خۆی تووشی کۆمەڵێک وەسفی ورد دەکات لەبارەی ئەزموونە ڕەفتارییەکانی گیانلەبەرەوە بۆ ئەوەی خاڵەکەی خۆی بسەلمێنێت: باسی ئەوە دەکات کاتێک سکی مێشەنگ هەڵدەدڕێت کەچی ئەو هەر درێژە بە مژینی شیلەی گوڵەکان دەدات، چونکە مێشەنگ هیچ ئەزموونێکی شیاوی لەبارەی تێربوونەوە[30] نیە)، ئەوا دەبێت سەرنجمان لەسەر سرووشتی کێشەداری پێناسەی گیانلەبەران چڕبکەینەوە (گیانلەبەر لە پەیوەندیدا بە جیهانەوە "هەژار"ـە): مارمێلک بەپێچەوانەی بەردەوە، بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیی بە بەردەکان و خۆر و هتدەوە هەیە، شتێکی لەو جۆرەی هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییە بەو جۆرەی مرۆڤەکان نیە.

کێشەکە (وا هایدگەر خۆیشی باش ئاگادارێتی) ئەوەیە کە خەسڵەتێکی وەک "هەژار" هەڵگری بەراوردێکی ژێرەوانکێیە لەگەڵ مرۆڤەکاندا [و فەیلەسووف وەک مرۆڤێک بوونەوەرانی تر بە پێوەرێکی باڵاتری وەک مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێت]: ئاخۆ مەسەلەکە ئەوە نیە کە گیانلەبەر لەڕووی جیهانەوە "هەژار" دەردەکەوێت، تەنیا بەو مەرجەی پێشوەخت گریمانەی ئامادەیی مرۆڤمان وەک داڕێژەری جیهانەکەی خۆی کردبێت؟ بەکورتییەکەی، ئاخۆ مەسەلەکە ئەوە نیە کە ئەم

[28] Worldless

[29] world- forming: [weltbildenden]

[30]. دەتوانین وەک خاڵێکی دەروونشیکارانە ئەوەش بڵێین کە مادام لە ئەزموونی تێربوون ناگات، ئەوا لە مانای ژویسانسیش ناگات کە تێربوونێکی ئازاردەرە لە چێژ و مرۆڤ بەشێوەیەکی هەستیار ئەزموونیدەکات- و

خەسڵەتپێدانە بەشێوەیەکی زاتی پێناسەی گیانلەبەر ناکات، بەو جۆرەی "لەخۆیدا" هەیە، بەڵکو پێشوەخت لە ڕوانگەیەکی ئەنترۆپۆمۆرفیک (مرۆڤشێوە[31])ـەوە پێناسەیدەکات، ڕوانگەیەک کە پێشوەخت مرۆڤەکان وەک «پێوەری هەموو شت» وەردەگرێت؟ گەرچی هایدگەر دان بە سرووشتی پڕکێشە و پڕگومانی تێهەڵچوونە زەینییەکەی خۆیدا دەنێت، بەڵام لە کۆتاییەکانی ئەو بەشەی وا تایبەتە بەم تێگانە —شیڵینگمەشرەبانە- ئەو گریمانە بوێرە تەواو تیۆرییە دەخاتەڕوو کە ڕەنگە گیانلەبەران (کە تا ئێستا بە نەزانراوی ماوەتەوە) ئاگایان لە نوقسانییەکەی خۆیان بێت، لە "هەژاری"ـی پەیوەندییەکەیان بە جیهانەوە. پێدەچێت *ژانوئازارێکی* نەبڕاوە هەبێت سەرتاپای [ژیان] و سرووشتی زیندووی گرتبێتەوە: «گەر بێبەشبوون لە هەندێ فۆرمی دیاریکراو [ـی زیندەوەر]دا جۆرێک بێت لە ئازارچەشتن، و هەژاری و بێبەشبوون لە جیهانیش تایبەت بێت بە بوونی گیانلەبەران، ئەوا پێدەچێت لەم حاڵەتەدا جۆرێک لە ژان و ئازارچەشتن سەرتاپای قەڵەمڕەوی گیانلەبەران و قەڵەمڕەوی ژیانیش بەگشتی بگرێتەوە[32]». جا بۆیە وتم «شیڵینگمەشرەبانە» چونکە شیڵینگ[33] شتانێکی لەبارەی «مالیخۆلیای ناکۆتا»ـی کۆی سرووشتە زیندووەکەوە نوسیوە، دەربارەی ئەوەی کە چۆن سرووشت بێزوو[یەکی توند] و ژانێکی نەبڕاوەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چونکە سرووشت لە گرژییەکی ڕەهای چارەنەکراودا گیریخواردووە، لە ناوەوە پارچەپارچەبووە، توانای نیە «بگات بە» خۆی یان پێناسەکردنی خۆی، هەر لەبەر ئەمەشە سەرهەڵدانی وشەی *لۆگۆس*، سەرهەڵدانی وشەیەکی گۆکراو لە مرۆڤدا، هەروا بەو سادەییە بریتی نیە لە "زیادە"یەک کە سووڕە سرووشتییە هاوسەنگەکە تێکدەدات، بەڵکو وەڵامێکە بۆ ئەم ژانە ناکۆتایە و بۆ ئەم بنبەستەی سرووشتە زیندووەکە، ڕێچارێک بۆ گرژییە بێچارەسەرەکەی

---

[31] Anthropomorphic

واتە مرۆڤ بکەیت بە پێوەری بینینی شتەکانی تر- و

[32] …Emmanuel kant, Religion within the limits of Reason, New York: Harpe & Row, 1960.

[33]. فەیلەسوفی ئایدیالیستی ئەڵمانی (١٧٥٥-١٨٥٤)، کە نوسەر بەردەوام وەک ژێدەرێکی تیۆری دەگەڕێتەوە سەر هەندێک لە بۆچوونەکانی- و

وی، وەکبڵێی سرووشتە زیندووەکە بەدزییەوە لۆگۆسی وەک ڕزگاریی خۆی بۆ لای خۆی بانگکردووە، چاوەڕێی بووە و تاسەی بۆی هەبووە.

بەر لەوەی ئەم تێڕوانینە وەک خەملاندنێکی غایەتگەرایانە[34]ـی شێتانە بخەینەلاوە کە پەیوەستە بە قەڵەمڕەوە بەهەق لەبیرکراوەکەی *فەلسەفەی سرووشت*ی ڕۆمانتیکەوە، ئەوا پێویستدەکات چاوێکی وردتری پیا بخشێنین. ئاخۆ ئێمە لە ئەزموونی مێژوویی‌شدا ڕووبەڕووی هەمان شت نابینەوە؟ وەرن با فیلمی سایتیریکۆن (satyricon)ـی بەرهەمی فێلینی بێنینەوە بیری خۆمان، ئەم فیلمە بەشێوەیەکی هەرەتایبەت وێنەی فیگەرەکانی ڕۆمی کۆن دەکێشێت کە خەمگینییەکی ناکۆتا دایگرتوون. فێلینی خۆی ڕایگەیاندووە، کتومت وەک مەسیحییەک، ویستوویەتی فیلمێک دەربارەی دونیایەک بەرهەمبێنێت کە هێشتا مەسیحییەت نەهاتووە، دونیایەک کە بەتەواوی چەمکە مەسیحییەکەی *ڕزگاربوون*ی[35] تیا ونە. ئاخۆ لەم حاڵەتەدا خەمگینیی سەیروسەمەرە و مالیخۆلیای بنەڕەتیی ئەم فیگەرە موشریکانە، بەڵگەیەک نیە بۆ ئەوەی کە ئەوان پێشوەخت دڵەخورپەیانە خودا ڕاستەقینەکە بەو زووانە خۆی ئاشکرادەکات، ئەوەشی کە ئەوان کەمێک زووتر لەدایکبوون و ڕزگارییان بە نسیب نابێت؟ داخۆ هەر ئەمە وانە بنەڕەتییەکەی دیالەکتیکی هیگڵی نیە لەمەڕ **نامۆبوون**: ئێمە سەروکارمان لەگەڵ بەهەشتێکدا نیە کە دواتر بەهۆی خۆپیاکردنێکی [گوناهبارانە] و کوشندەوە لەدەستچووبێت. پێشوەخت لەناو ئەو تێربوونە بەهەشتییەدا (واتە لەناو تێربوونی جڤاتی ئۆرگانیی "کرچوکاڵ"دا) شتێکی خنکێنەر لەئارادایە، تاسە بۆ هەوایەکی تازە، بۆ ئاوەڵابوونێک کە کۆتوبەندە بەرگەنەگیراوەکە بپچڕێنێت. ئەم تاسەیەی ناو بەهەشت، ئازارێکی نەبڕاوەی بەرگەنەگیراومان پیشاندەدات، ئارەزوویەک بۆ دەرچوون و تێکشکاندن، ژیان لە بەهەشت بە مالیخۆلیایەکی نەبڕاوە تەنراوە. خۆ ڕەنگە ئەمە

[34] Teleological speculation

[35]. جێی بیرخستنەوەیە کە ڕزگاربوون (redemption) وشەیەکی تاڕادەیەک تایبەتە بە مەسیحییەت کە ڕزگاری لەڕێگەی کڕینەوەی گوناهەکانەوە بەدەستدێت.

پارادۆکسی ئەوپەڕینەی مالیخۆلیاشمان پیشانبدات: مالیخۆلیا، لەسەرەتادا ڕووی لە ڕابردووی بەهەشتییانەی ئەو کامڵێتییە هاوسەنگە ئۆرگانییە نیە کە بەهۆی کارەساتێکەوە لەدەستچووە، مالیخۆلیا خەمناکییەک نیە لەم لەدەستچوونەوە کەوتبێتەوە، بەڵکو مالیخۆلیا بە مانای تەواوی وشەکە گوزارشت لە دۆخی کەسانێک دەکات کە هێشتاش هەر لە ***بەهەشتدان***، بەڵام پێشوەختیش خواخوایانە لێیدەربچن: دۆخی کەسانێک کە گەرچی هێشتاش لە دونیایەکی داخراودان، بەڵام پێشوەخت دڵەخورپەیەکی تەمومژاوییان بۆ شتێکی تر هەیە کە دەستیان پێی ناگات، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی تۆزێک زووتر هاتوون...

خوێندنەوەیەکی لەم شێوەیە نەک هەر لەناو بێمانابییەکی غایەتگەرای تەواو تیۆریدا گیرماننادات، بەڵکو تاکە ڕێگە بۆ خۆدوورگرتن لە دیدە پەرەسەندنگەرا کرچوکاڵەکە دەخاتەڕوو کە وەک داڕووخانێکی پلەپلەی فۆرمە ئۆرگانییە سەرەتاییەکانی ژیان سەیری بەرەوپێشچوونی مێژوویی دەکات (ئیدی لە *گماینشافت*ەوە بیگرە تا دەگاتە گزیلشافت و هتد، [واتە لە جڤاتێکی سەرەتاییەوە تا کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزتر کە گوایە سەرەتا کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی ئۆرگانی[36] و تۆکمەی هەبووە و دواتر هەڵوەشاوەتەوە]). بەپێچەوانەوە، ئەم تێگەیشتنە پەرەسەندنگەرایەیە بۆ پێشکەوتن کە بە زاتی خۆی غایەتگەرایە، چونکە ئەو قۆناغانەی باڵاترن وەک دەرەنجامی کەوتنەگەڕی ماتەوزەی ناوەکیی ئەو قۆناغانە وەردەگرێت کە نزمترن. بە پێچەوانەی تێگەیشتنێکی پەرەسەندنگەرای لەم جۆرەوە بۆ پێشکەوتن، دەبێت دەست بەو تێگەیشتنەوە بگرین کە «شتی ***نوێ***[37]» لەو پێناوەدا دێتەگۆڕێ گرژییەکی بەرگەنەگیراوی ناو «شتی کۆن» حەلبکات، واتە شتی نوێ پێشوەخت بەشێوەیەکی [ئاوەژوو] و نێگەتیڤ لە شتە ***کۆنەکەدا*** «ئامادەیی» هەبووە، ئەویش لە کەوڵی خەمینی و تاسەیەکی نەبڕاوەدا.

---

[36]. ئۆرگانی، بەسادەیی واتە بەشەکانی "گشت"ێک پەیوەندییەکی تۆکمە و زیندوویان پێکەوە هەیە و بەبێ یەکتر نایانکرێت. هەر بۆ نمونە، ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ کە "گشت"ـی مرۆڤێک پێکدێنن. سیفەتی ئۆرگانی، بۆ دیاردەکانی تریش بەکاردێت - و

[37] the New

لە ئاستێکی تەواو جیاوازدا ئەمە هەر ئەو شتەیە کە واڵتەر بنیامین هەوڵیدەدا لە تێگەیشتنە بەئاشکرا دژەپەرەسەندنگەراکەی خۆیدا دەرهەق بە بەڵێنی مەسیحایی، کردەیەکی شۆڕشگێڕانە بخاتەڕوو؛ کردەیەکی شۆڕشگێڕانە کە بەشێوەیەکی پاشەوپاش و ڕیترۆئەکتیڤ[38] خودی ڕابردوو ڕزگاربکات: شۆڕشی ئەم دەمەی **ئێستا**، بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ تاسە تیاچووەکانی هەموو ڕابردوو و هەوڵە شکستخواردووە شۆڕشگێڕەکانیش بێنێتەدی. ئەمە بەو مانایە دێت کە لە ڕوانگەیەکی تەواو ***مێژووییەوە***، دژ بە مێژووگەراییەکی پەرەسەندنگەرا، ڕابردوو تەنیا ڕابردوو نیە بەڵکو لە هەناوی خۆیدا بەڵێنە یۆتۆپییە شیاوەکەی لەمەڕ ڕزگاریی داهاتوو هەڵدەگرێت: لەپێناو ئەوەی بەشێوەیەکی شیاو لە سەردەمی ڕابردوو تێبگەین، ئەوەندە بەس نیە ئەو هەلومەرجە مێژووییە لەبەرچاوبگرین کە ئەو سەردەمەی تیا ژیاوە؛ هاوکات بۆ ئەوەی واقیعی مێژوویی ڕابردوو بەو جۆرە بووبێت کە بووە، ئەوا پێویستدەکات ئەو هیوا یۆتۆپییانەی داهاتوو لەبەرچاوبگرین کە ئەو سەردەمە خیانەتی لێ کردوون یان لەناویبردوون، ئەوەی کە نەفیکراوە، ئەوەی کە ڕووینەداوە. بۆ تێگەیشتن لە شۆڕشی فەڕەنسا [ـی ١٧٨٩-١٧٩٩]، دەبێت سەرنجمان لەسەر ئەو هیوا یۆتۆپییە ڕزگاریخوازانە چڕبکەینەوە کە بەهۆی دەرەنجامی کۆتایی خۆی، واتە واقیعی باوی بۆرژوازییەوە، لەبارچوو. هەمان شت سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ڕاستدەردەچێت. لە ئاکامدا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ غایەتگەراییەکی ڕۆحانی یان ئایدیالیستیدا نیە، بەڵکو سەروکارمان لەگەڵ تێگەیشتنێکی دیالەکتیکیدایە بۆ سەردەمێکی مێژوویی کە پێویستە پێناسە «کۆنکرێتی»یەکەی هەڵگری ماتەوزە لەبارچووەکانی بێت، ئەو پۆتێنشیاڵ و ماتەوزانەی کە لەبنەڕەتدا بە دەستی واقیعەکەی خۆی «نەفی» کرابوون.

تەنانەت دەکرێت پرسەکە بەپێی کۆمەڵێک زاراوەی ڕوونتر دەربېڕین: کاتێک دەڵێین دەمی "ئێستا" خودی ڕابردوو ڕزگاردەکات، و ڕابردوو خۆی هەڵگری کۆمەڵێک مەشخەڵ بووە ڕێگاکەیان بەرەو

---

[38] Retroactive ڕووەو ڕابردوو کە ڕابردووش بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، لانیکەم لە زەین و تێگەیشتنی مرۆڤدا

"ئێستا" ڕووناککردووەتەوە، ئەوا بۆچوونێکی ڕێژەگەرایانە/مێژووگەرایانەمان دەرنەبڕیوە دەربارەی ئەوەی کە چۆن هیچ مێژوویەکی ئۆبێکتیڤ [و بابەتی] بوونی نیە، ئەوەی کە چۆن هەمیشە ڕابردوو لە *ئاسۆی ئێستای تێگەیشتنمانەوە*[39] تەفسیردەکەین، ئەوەی کە چۆن لە پێناسەکردنی سەردەمەکانی ڕابردوودا —ئاگایانە بێت یان نائاگایانە- هەمیشە بەشێوەیەکی ئاماژەدار خەریکین ئاماژە بە دەمی ئێستامان دەکەین. ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەین، زۆر [لەو تێگەیشتنانەی سەرەوە] ڕیشەییترە: ئەوەی پێگە مێژووییە شیاوەکە «ڕێژەییدەکاتەوە» (بەپێچەوانەی مێژووگەراییەوە)، بریتی نیە لە ڕابردوو (لـە هەمیشە شێواوەکە لە گۆشەنیگای ئێستامانەوە)، بەڵکو بەشێوەیەکی پارادۆکسانە ***بریتییە لە دەمی ئێستا خۆی.*** دەمی ئێستامان تەنیا وەک دەرەنجام (نەک دەرەنجامی ئەوەی بەکردەیی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، بەڵکو) ماتەوزە لەبارچووەکان بەهۆی ئەو داهاتووەوە فامدەیکەن کە لە [هەناوی] ڕابردوودا جێیان کرابووەوە. بە دەربڕینێکی تر، مەسەلەکە هەر ئەوە نیە —بەو جۆرەی فۆکۆش پێی خۆش بوو بە کەشێکی نیچەییەوە جەختی لەسەر بکاتەوە- کە هەر مێژوویەکی سەر بە ڕابردوو لەئەنجامدا بریتییە لە "ئۆنتۆلۆژیای ئەم ساتەوەختە"، کە هەمیشە ڕابردوو لە ئاسۆی خەموختوورەکانی ئێستامانەوە تێدەگەین، کە سەروکارمان لەگەڵ ڕابردوودایە، بەڵکو لەڕاستییدا سەروکارمان لەگەڵ تارماییەکانی ڕابردوویەکدایە کە گەڕانەوە و زیندووبوونەوەیان توانامان دەدەنێ ڕووبەڕووی بنبەست و تەڵزگەکانی ئێستامان ببینەوە. مەسەلەکە ئەوەشە کە ئێمەی بریکارە مێژووییە "کردەکی"یەکانی دەمی ئێستا، دەبێت ***خۆمان*** وەک بەرجەستەبوون (مادیبوونەوە[40])ـی تارماییەکانی نەوەکانی ڕابردوو تێبگەین، وەک قۆناغێک کە ئەم نەوانەی ڕابردوو بەشێوەی ڕووەودوا بنبەستەکانی خۆیانی پێ تێدەپەڕێنن.

[39] Our present horizon of understanding

[40]. مادیبوونەوە و بەرجەستەبوون (materialization)، زاراوەیەکی باوی ناو فیکری هاوچەرخە و بەسادەیی گوزارشت لەو دۆخە دەکات کە شتێک وەک بەرجەستەبوونی شتێکی تر (بەتایبەت تارماییەکی تر) خۆی دەردەخات. بۆ نمونە، مناڵ مادیبوونەوە و بەرجەستەبوونی عەشقی دایبابە، یان لەم نمونەیەی سەرەوەدا نەوەیەک بریتییە لە مادیبوونەوەی خەونی نەوەیەکی تر- و

لەم حاڵەتەدا چۆن وەڵامی ئەو ڕەخنە خۆبەخۆیە بدەینەوە کە دڵەخورپەیەکی مالیخۆلیی لەم شێوەیە دەرهەق بە داهاتوو، تەنیا بەو مەرجە مایەی درککردنە کە ڕابردوو لە گۆشەنیگای داهاتووەوە بخوێنینەوە، واتە ئەوەی کە لە هاوێنەکانی غایەتگەراییەوە لەکەدار و شێواو دەردەکەوێت؟ ئاخۆ مەسەلەکە ئەوە نیە کە ئەم دڵەخورپە مالیخۆلییە «لەڕاستییدا لەویٚ» نەبووە، بەڵکو تەنیا جۆرێکە لە شێواویی ڕوانگە، تێگەیشتن لە ڕابردوو لە گۆشەنیگای دواترمانەوە؟ (ئەم دۆخە زۆریش لە ***ڕوونکردنەوە بازنەییەکەی*** سەرهەڵدانی زمانەوە دوور نیە، سەرهەڵدانی ماترێسە سەرەتاییەکانی ئایدۆلۆژیا: «خەڵک نیشانە زمانییەکانیان بۆ ئەوە داهێنا شتێکیان هەبێت بە یەکتری بڵێن»، وەکبڵێی بەر لە زمان پێویستییەک بە زمان هەبووە...). وێڕای ئەمانەش، ئایا مارکس ڕێگای دەرچوونی لەم تەنگانەیە پیشاننەداین، ئەویش لەوێدا کە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەوە مرۆڤە کلیلێکمان دەداتێ بۆ توێکاریی مەیمون، نەک بەپێچەوانەوە [مەیمون کلیلێکی تێگەیشتنمان بداتێ بۆ توێکاریی مرۆڤ]؟ بە دەربڕینێکی تر، هەڵەی ڕوانگەی پەرەسەندنگەرا قبوڵکردنی ئەو پێشگریمانە "ئاشکرا"یەیە کە ڕابردوو هەروا بەو سادەییە ئا لەوێدا بوو، لەڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە بەتەواوی پێکەوەنرابوو، "ئاوەڵا" نەبوو [بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا]، کۆمەڵێک شوێنەواری لەخۆنەگرتبوو تاکو ڕێی داهاتووی پێ پیشانبدات.

هەروا بێتەوە ئەم کێشەیە دەستمان دەکاتەوە ڕووناکییەکی نویٚ بخەینە سەر هەڵبەزودابەزێکی بنەڕەتی لای لاکان: ئاخۆ کامیان لەپێشەوە دێن، دال (signifier) یان بنبەستی ***ڕیاڵ***؟ هەندێجار لاکان کۆڵۆنیزە (داگیرکردن)ـی تراومایی لەشی زیندوو لەلایەن نەزمی ڕەمزیی مشەخۆرئاساوە وەک ڕاستییەکی سەرەتایی دەخاتەڕوو: ئەوە دەستێوەردانی پانتایی ڕەمزییە کە ئۆرگانیزمی سرووشتی لە ڕێچکەی خۆی دەردەکات، لە سکە دەیترازێنێت، **غەریزە** سرووشتییەکان دەگۆڕێت بۆ **پاڵنە**رێکی دەعبائاسا کە قەت بەتەواوی تێرنابێت، چونکە گەڕانەوەی هەمیشەیی

"نا-مردوو[41]" مەحکومە بەوەی ڕێی خۆی بگرێتەبەر، و بۆ هەمیشە لە نەمرییەکی قێزەوندا پێداگری دەنوێنیت. لە کاتوساتی تردا، بەشێوەیەکی ئوستورەییتر/تیۆرییتر[42]بەدوای جۆرێک زیادە یان ناهاوسەنگیی سرووشتیدا دەگەڕێت، جۆرێک لە [ناکارامەیی] و باشکارنەکردن، جۆرێک لە لەسکەدەرچوونی دەعبائاسا، بەم شێوەیە لاکان **نەزمی ڕەمزی** وەک داهێنان (و دەستێوەردان)ـی دووەم وەردەگرێت کە وەک چارەنووسێک بۆ "[ڕامکردن] و چاککردن"ـی ئەم زیادە دەعبائاسایە بڕاوەتەوە؛ بۆ حەلکردنی بنبەستەکەی. مرۆ ڕاڕادەبێت بانگەشەی ئەوە بکات لێرەدا لەنێوان ئەم دوو نوسخەیەدا، هێڵێک هەیە ماتریاڵیزم لە ئایدیالیزم جیادەکاتەوە: لەپێشترێتی [و ئەولەوییەت]ـی نەزمە ڕەمزییەکە، بەئاشکرا ئایدیالیستییە. سەرەنجام، نوسخەیەکی نوێی دەستێوەردانی خوایانەیە لە نەزمە سرووشتییەکە. [واتە گەر سەرەتا نەزمە ڕەمزی و کۆمەڵایەتییەکە بە بنەما وەربگرین، ئەوا ئایدیالیستانە بیردەکەینەوە و نەزمێکی داخراوی پێشوەخت بەسەر دونیا شێواوە دەعبائاساکەی سرووشتدا وەپێش دەخەین]. لەکاتێکدا، نوسخەی دووەم (واتە سەرهەڵدانی نەزمی *ڕەمزی* وەک وەڵامێک بۆ زیادە دەعبائاساکەی ناو ***ڕیاڵ***) تاکە ڕێچاری شیاوی ماتریالیستییە [چونکە نەزمی ڕەمزی و کۆمەڵایەتی وەک پێکهاتەیەکی کراوە و ڕێکەوت بە ڕووی ئەو زیادە ***ڕیاڵئاسا*** ترسناکەدا دەهێڵێتەوە کە کەوتووەتە پێش دۆخی مرۆیی و شارستانییمانەوە و ناچارماندەکات هەموو سەردەمێک بیر لە ڕێکخستنەوە و دارشتنەوەی بکەینەوە].

---

[41] Undead

نا-مردوو بە واتای ئەوەی کە نە زیندووە و نە مردووش بە واتای باو، بەڵکو ناتوانێت بمرێت. "نەمردوو" بۆ ئەم سیاقە، زۆر درووست نیە- و

[42] Speculative (تەواو تیۆری یان خەمڵاندنی تیۆری)